# له نێوان دوو بەرداشی (حەمە سەعید حەسەن) و (سۆران عومەر) دا

**موحسین جوامێر**

مامۆستا حەمە سەعید حەسەن و مامۆستا سۆران عومەر، دوو (دنیا)ن، رەنگبێ بە سەد هەزار گوریس نەگەنەوە یەك، کەچی باراشی هەردووکیان بۆ یەك ئاش بەڕێوەیەو وەختە وەك نالی بڵێم( فەرقیان نییە بە موێ )... ئەمیان عەلمانییە ، بەڵام ـ بۆ کورد ـ لەسەر ئاوازی تورکان لێ دەدات و ناشزانێت کە نازانێت...! ئەویان ئیسلامییە، وەلێ دەڵێیت لە قورئاندا ئایەتگەلی ئاشتی، سوڵح، سازان، هاوژیانی لەگەڵ بیرو بۆچوونی جودا و خەڵکی تردا ـ هەرگیز ـ نەخوێندۆتەوە...! سەرەنجام (هەردووکیان) غەدر لـــە (هۆردووکیان) دەکەن، هەم لە (سێکولاریزم)ە لەبارەکە و هەم لە (ئیسلام)ە دلۆڤان و ئێسکسووکەکە...!

ئەگەر سەرنج بدەینە وتارەکەی مامۆستا حەمە سەعید، کە رێك لە دوای رێوڕەسمی سوێندخواردنی پەرلەمانتارانی کوردستان، بۆ کوردستان نێتی نارد...دەبینین لە بەرزەکی (سەکۆی) رەخنەوە، دەڵێ :" ***هەندێك لە ژنە پەرلەمانتێرەکان، سەر بە لەچك سوێندیان خوارد، کە ئەوە دیاردەیەکی ناشیرین و نا عەلمانی بوو"***... لێرەدا پیاو دەپرسێت کام عەلمانییەت...؟ عەلمانییەتی رۆژهەڵات یان ئی رۆژئاوا...؟ ئەو وەکو بەندە، سێیەکی تەمەنی خۆی لە سوێدێ بردۆتە سەر و لێرە سەروڕیشی سپی کردووە، کەچی تا ئێستە نە بینراوە و نەبیستراوە ـ بە شێوەیەکی رەسمی ـ بێحورمەتی لە هەنبەر ئەو دیاردەیەی کە رۆژ بە ڕۆژ لە پەرەسەندن دایە، کرابێت، بەڵکە ـ لە رووی یاساییەوە وەك هەر تایبەتمەندییەکی دیکەـ شێلگیرانە و خۆڕسکانە داکۆکیی لێ کراوە، چونکە ئەو حاڵەتە پێوەندە بە ئازادیی تاکەکەسی و هیچ لایەنێك بۆی نییە ئەو مافە لە کەدار بکات یا لەکەسی زەوت بکات و ئی خۆی بسەپێنێت... بڕیاری (شیرینی) و (ناشیرینی) یان (لەباری) و(نالەباری)ی شتێك یاخود ئاکارێك ئان حاڵەتێك، نە بە میزاجی فڵان و نە بە زەوقی فیسار بابایە، مادەم زیانی بۆ تاك و کۆمەڵ نەبێت...ئەوجا ئەگەر تۆ لە سوێدێ، بۆت نەبێت بێڕێزی بەرانبەر لەچك بە سەراندا بکەیت، داخوڵا دەکاری لە کوردستانێ بە گژیاندا بچیت و لەچك بە ناشیرین و ناعەلمانی لە قەڵەم بدەیت، لە کاتێکدا هەر ژنێکی پەرلەمەنتاری سەربەلەچك ئەوەندە تەمەنەی هەیە کە خاوەن بڕیاری خۆی بێت و بشزانێت بۆچی ئەم هەنگاوەی هەڵێناوە.. ؟! مەگەر لە تورکیا، ئەویش هەر چەندە زێتر فوو بە مەشخەڵەکەدا کرابێت تا دابمرکێتەوە، پتر گڕی لێ هەستاوە... ئەو هەڵوێستەی حەمە سەعید، دەق بە گەف و گوڕی کۆمەنیستی کرێکاری ـ کە هێشتا ددانیان لە زاری نەڕوواوە ـ دەچێت، ناوناوە گەردەلوولەیەك پەیدا دەکەن،پاشان بە ـ هۆ! لێکردنێك ـ وەکوو مێروولەکانی حەزرەتی سڵێمان دەچنەوە کونی خۆیان... برادەرێکـی دهۆکیـم هەبوو ـ یادی بەخێر بێ! ـ ئەگەر یەکێك لە کارێك یان لە بۆچوونێکدا لە سنوور دەرچووبا وئاوی لە ئاوەڕۆ دەرکردبا (موبالەغەی کردبا) دەیگۆ:تو خودێ، گەلەکی ژ داسێ مەدە!... لە بارەی ڕەفتە یا حیجابەوە،من بە هیچ کلۆجێك لەگەڵ ئەوەدا نیم ـ بەخورتی ـ فەرز بکرێت، کاك حەمە سەعیدیش ئازادە هەر چییەکی پەسندی دەکا، وەلێ ئەگەر بە ناعەلمانیی دابنێت، مانای وایە یا ئەوەتە لە عەلمانییەت نەگەیشتووە ـ کە بڕوا ناکەم ـ یان ئەو دکتاتۆرییەتەی ـ خۆڕسك ـ لە ناخی ڕۆژهەڵاتیدا رواوە، هێشتا لە مێشکی ئەودا ریشەکێش نەکراوە... دار بەبەریەوە دیارە، پیاویش بە قسەی ...!

پاشان خاڵە حەمە سەعید دەڵێ:" ***نە دەبووایە سوێند بە قورئان بخۆن. هەر هیچ نەبێت حیزبی شیوعی کوردستان نە بڕوایان بە خوا هەیە، نە بە قورئان، نە دەبوو دەست لەسەر قورئان، سوێند بە یەزدان بخۆن...***" ...ئەز شیوعییانی کوردستانـم ناخۆش ناوێ، پێشم وابێ لە حەمە سەعید کوردترن، بەراستی هەڵوێستیان لە رووی نەتەوەییەوە، شایەنی

ڕێزه ...بەڵام ـ بەدبەختانەـ ئەوەندە بێجەماوەرن، مەگەر لەبەر هەڵوێست و دیرۆكیان، پایەیەكیان بدرێتێ... باشە چ یاسایەك ڕێ لە زۆرینە دەگرێ ـ لەبەر كەمینەیەكی كەم كە قایلیشە ـ واز لە دەقێكێ باو و لەلایەن سەرجەمەوە پەسندكراو، بهێنێت...؟! پاشان، كێ دەڵێت ئیمانیان نییەو(بێخوا)ن و ـ حاشاكی وان ـ ئەوانیش وەكوو بزنۆكە و مەڕۆكەو گوێرەكە لەم زەوییەدا دەلەوەڕێن؟... جارێكیان لە هەڤپەیڤینێكدا یەك لە بەرپرسانی شیوعییان وتبووی زۆر لە ئەندامەكانیان نوێژێ دەكەن و ئەوان مسقۆف (ملحد) نین... دەنگۆیەكیش كەوتۆتەوە كە قەولە حیزبی شیوعیی ئیسلامیی كوردستان دا بمەزرێت...!! دەوجا با ئێمەش سیر بخۆین و زوڕنا لێ بدەین...!! خولاسە، فەلسەفەكانی مامۆستا حەمەسەعید ـ تەشبی نەبێت ـ وەكوو كابرایە كەچەڵەكەی خاوەن دوو شانەو ژنە كوێرەكەی خودان دوو (كلدان)یان لێ هاتووە...!

كاك سۆران عومەر ـ یش لە بابەتێك كە لە( دەنگەكان)دا بڵاوكرایەوە ـ پلەی جیهادیی ئەوەندە هەڵكشاوە، وەكو عارەب دەڵێن : "اول ما شطح نطح"واتە: هەر كە دەستی پێ كرد قۆچی وەشاند، بۆیە سەری لە نووسینە بەستەزمانەكەیشی شێواندووە. خۆ ناوو نیشانەكەی ـ بۆ خۆی ـ وتارێكە: *" بۆ مامۆستا عەلی باپیر... ئەو سەركردەیەی كە لە " پەرلەمان دا ڕێزی لە شەهیدان نەگرت بە وەستانی پانزە چركە"* كە ڕەنگبێ عەلی باپیریش سەرودڵی پێی تێك بئاڵێ. ئەوجا لەسەرەتای پەڕەگرافی وتارەكەیدا، دەڵێت:*" ئەوەی جێی سەرنجی عەلمانیەكان بوو لە سوێند خواردنی سەرۆكی هەرێمی كوردستاندا لە هەولێر، كە سەرۆكی پارتی دیموكرات دانرابوو بە ڕێكەوتن لەگەڵ یەكێتی نیشتمانی، دانیشتن و هەڵنەسانەوەی مامۆستا عەلی باپیری ئەمیری كۆمەڵی ئیسلامی بوو! بەڵام هەمووان دەزانن بۆ شەهیدان ئەوە ڕێز نیە و تەنها سەنەمێكی بێ سوودە و ئاكارێكی ناسیۆنالیستانەیە "*... ئەگەر من ئاگام لە ڕەوتی ڕووداوەكە نەبووایە، ئێستەیشی لەگەڵ دابێت، ببڕای ببڕای نەمدەزانی مەبەستی ئەو بەڕێزە چییە، دارشتنێكی ئەوەندە كرچوكاڵە...! باقیی نووسینەكەیش ـ لە رووی ئەدەبی و ڕەوانبێژییەوە ـ هەمان تاس و هەمان حەمامە.خۆزگە لە پاڵ وانەكانی جیهادا، تۆزۆكەیەكیش خۆی فێری بەكوردی نووسین بكردایە، ئەوجا بهاتایە باسی فەلسەفەی قەبۆكاریی (تحدي) هەرزەكارانەی ناماقوولانەی دوور لەڕۆحی دین، بكردایە... تازەبەتازە بە خۆی و بەحەمە سەعیدی دەیانەوێ سەروبەندەكەی حاجیی كۆیە باسی لێوە دەكات، دووبارە بێتەوە:

قوڕیان بە هەموو وڵاتەوە دا

تا مولك و ڕەعییەت پاكی فەوتا

سۆران دەڵێ: *" لەگەڵ هەموو تێبینی و باوەڕنەبوونێكم بە چوونە پەرلەمان دەمەوێت بە مامۆستا عەلی باپیر بڵێم: خوای گەورە بەرزتر و بەڕێزترت بكات بۆ ئەو هەڵوێستە شەرعییەی كە نواندت لە هەڵنەسانەوەت بۆ بەناو ڕێزگرتن لە شەهیدان لە ناو پەرلەمانی تەركیب كراوی كوردستان دا، ئەو پەرلەمانەی كە نوێنەرایەتی حیزبەكانە و پەیوەندی بە خەڵكی كوردەوە نییەو هەڵبژێردراوی ڕێكەوتنی حیزبە"*...

نەیسە..! كاك سۆران بڕوای بە چوونە نێو پەرلەمان نییە، چونكە نوێنەرایەتیی حیزبەكانە و پەیوەندی بە خەڵكی كوردەوە نییە و هەڵبژێردراوی ڕێكەوتنی حیزبە...! باشە ئەگەر بە هەڵبژاردن نەبووایە و بە (ڕێكەوتنی حیزب بووایە، كاك عەلی باپیر(كە دوعای سەربەرزی)ی بۆ دەكا، ئەوێ ڕۆژێ لە ناو ئەو (كافران)ەی پەرلەماندا چی دەكرد...؟ خۆ كەس پێشبینیی نەدەكرد (كۆمەڵ) بێتە ناو پەرلەمان...! هەتا لە ڕووی شەرع و عەقل و عورفی پەسندەوە، زۆر سەیرە كاتێ سۆران دەڵێ:*" ئەو هەڵوێستەی پەیوەندی بە دین و عیبادەت و مەسەلەی هاوبەش دانانەوە هەیە بۆ خوای پەروەردگار ڕەوا نییە و حەرامە بوەستێت بەو شێوەی كە ئەنجام دەدرێت بەناوی ڕێزلێنانەوە بۆ شەهیدان ..."*... چونكە ئەگەر وابێت، ئەوا دەبێ ئەو هەڵسانەوە زۆرەی ڕۆژانەی من و تۆ و عەلی باپیر لەبەر میوان و خەڵكی دیكە، هەمووی (شیرك ـ هاوبەش دانانەوە) بێت بۆ خوای گەورە... باشە! ئەگەر ئەو ژەنەڕاڵە ئەمریكییە (كافر و داگیركەر)ەی لە تەك مامۆستا عەلی باپیردا ـ ئەگەرچی بە ڕواڵەتیش بووبێت ـ بەرزەپێ بۆ ڕێزنان لە شەهیدانی من و تۆ ـ هەڵسابێتەوە

سەر پێ، بچێتە سەردانی عەلی باپیر، داخوا ئەو لەبەری هەڵناسێتەوە...؟ ئەوجا کامەیان (اهون الشرين)ە ـ گریمان شەڕ بن ـ هەڵسانەوە بۆ ڕۆحی شەهیدان یاخود بۆ ئەمریکی و هاوشێوە و نێزیك لە هاوشێوەکانیان... ؟!

ئەز لەم وتارەدا، وەك خوێنەرێك ڕەنگە ـ کەم تا زۆرێك ـ ئاگام لە ڕەوتی هزری ڕۆشنبیریی کوردی ـ بە عەلمانی وئیسلامی ـ هەبێت، حەز دەکەم سەرنجی مامۆستا حەمە سەعید حەسەن بۆ دووبارە خوێندنەوەی نووسینەکانی مامۆستایان حەمە فەریق حەسەن و مامۆستا ئەمجەد شاکەلی، ڕابکێشم، کە ـ هاوڕێ لەگەڵ جیاوازیی بۆچوونم لەگەڵ هێندێ لە تێزەکانیاندا ـ هەست دەکەم هەردووکیان کانیاون و شایەنی ئەوەن پیاو ـ لەومەسەلانەدا ـ شتگەلیان لێوە هەڵبگۆزێت، بەتایبەتیش شاکەلی. ڕووی قسەم ـ هەروابێتەوە ـ لە ڕۆشنبیرانیشە بەگشتی... ڕەنگبێ دووبارە خوێندنەوەی کتێبی (دعاة لا قضاة)ی حەسەن ئەلهوزەیبی ـ هیوامە کرابێتە کوردی ـ بە کەڵکترین کتێب بێت بۆ مامۆستا سۆران عومەر و هەڤاڵەکانی. ڕووی قسەم ـ هەروابێتەوە ـ لە ڕۆشنبیرانیشە بە گشتی... وتار و تێز و بۆچوون و ڕامانی (مەعشووق خەزنەوی)یش پارسەنگێکن بۆ مێشك و هزری هەر ڕۆشنبیرێکی بەدوای پارسەنگدا عەوداڵە یان حەوجەی پێ بێت، کەسیش فریشتە نییە...!

کرۆکی مەبەستم لە قسەکانی گۆرینمدا ئەوەیە ، ڕەنگبێ زۆر پێویست و پڕبایەخ بێت، کە لایەنی ڕۆشنبیری، سیاسی، عەلمانی و ئیسلامیی (نەرمڕۆ) و (کەوڕەوت) و خەمخۆرانی هەنووکەو داهاتووی کوردستان ـ کە زۆر هەستەوەر و ناسکن ـ لە مەڕ ئەو دوو دیاردە فکرییە زۆر زێدەڕۆیەی لە ناوەوە (سۆران عومەر ) ولە دەرەوەدا(حەمە سەعید حەسەن) بازاڕی ـ فیتنەـ ی بۆ گەرم دەکەن، لەسەر هەست بن، نەبادا گەنج و خۆرتی کوردان بکەونە نێو دوو بەرداشی وشکەبیری (سۆران)ی جحێڵی دەسخەڕۆ و (حەمە سەعید)ی پیری دوورنەبین و ڕەنجەڕۆ، ئەوسا هەم لە قەلان بین و هەم لە کۆتران...؟ زاتەن ئاگری گەورە لە کڵپەیەکی بچووکەوە دەست پێ دەکات...

اللهـم هل بلغت!... اللهم فاشهد!

mohsinjwamir@hotmail.com